

# شاعیرو نووسەرو تێکۆشەری کورد خاتوو سامیە شاکر چاووشلی

شەماڵ عادل سلیم
www.seticentwr.dk/shamal

بەنووری عەدل و ئاسایش مونەووەر بوو هەموو هەولێر
لەژێر کابووسی غەم دەرچوو خەلایق شادو خەندانە
تولووعی فەیز بەخشی تۆ شەوی دەیجووری والا کرد
لەهەرلایەک تەماشاکەی جلووس و بەزم و سەیرانە
ئومێدم لای خودا وایە کە ئەشرافی هەموو هەولێر
لەبەرزیدا بژین تاسەر لەگەڵ ئەم قەومی کوردانە
(بێکەس )

(مەشخەڵ) ناسناوی شیعری شاعیری ئافرەتی بەهرەداری کورد خاتوو سامیە شاکر چاووشلییە ، لە چلەکانی سەدەی رابردوودا لە شاری هەولێر ، شاری قەڵاو منارە ، شاری ئەدەب و هونەرو کوردایەتی لەدایکبووەوچاوی بە دیمەنی قەڵاو منارەو

سەیرانگاکانی ئەو شارە مێژووییە ودێرینە کراونەتەوەو گوێچکەی بەئاوازی مقام و قۆریات و گۆرانی ڕەسەنی کوردی گۆش کراوە ، هەرلەوشارە دێرینەشدا پەروەردەبووە ، لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەروئەدەب پەروەروهۆشیار سەری هەڵداوە ، هەرلەسەرەتای پەنجاکاندا ،لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا بەگشتی وخەباتی ئافرەتان بەتایبەتی ،هەمیشە ڕۆڵێکی گەڵێ دیار و مەزنی هەبووە ،و لەم ڕووەوەش بە دەیان جار دووچاری ئازارو ئەشکەنجەو ڕاونان و برسیەتی و زیندانیکردن بووە ، هەمیشەش بێگوێدانە هیچ ترس و لەرزو هەڕەشەیەکی دوژمنانی ، لەسەخترین ڕۆژگاردا ، پەرەی بەخەبات و نەسرەوتن و تێکۆشانی خۆیداوە و بۆ ساتێکیش مانای ساردبوونەوە وبێزاری نەزانیوە .....

خاتوو سامیە لەدانیشتنێکی خێزانی دوای گفت وگۆو وت ووێژی تایبەتی بۆی گێرامەوە و گوتی :- دایکم ئافرەتێکی دیندارو نوێژ و ڕۆژی گربوو ، باوکیشم پیاوێکی سەخی تەبیعەت ، میوان پەرست ، دڵ فرەوان و خۆشەویستی خزم و دراوسێ و برادەرانی بوو ، مرۆڤێکی دنیا داری و دڵسۆزو بەسۆزو دژی ناهەق و هەق پەرست بوو ، لە هەولێر بە شاکر حاج صادق و لەشەقڵاوەش بە شاکر ئاغا دەناسرا ، هاوینان میوان لەهەموو لایەک ڕووی تێ دەکردین لەناو باخچە چەند کەپروسابات دروست دەکرا بۆمێوان و خزمەکان ، باوکم منداڵی براو خوشکەکانی زۆر خۆش دەویست و لەئێمەی جیانەدەکردەوە هەربۆیە لەپشوی هاوینانیان دەهاتنە لای ، باوکم زۆر شانازی بە (کاک مووسا سەمەد و کاک عادل سەلیم ) دەکرد کەهەریەکەیان کوری خوشکێکی بوون و زۆریش خۆشی دەویستن پتر لەوانی تر ،و ئەو هەڵەوێستەی باوکم بەسوپاسەوە کاری لەمنیش کرد ،میوانە زاناو دڵێرەکان بیری پێشکەوتن خوازی و تێکۆشانیان ڕێگای ژیانی ئێمەشی ڕەوشن دەکردەوە ، هەربۆیە زۆر زوو کەوتمە گۆرەپانی تێکۆشانی ڕامیاری و لەڕێکخراوی ئافرەتاندا بەتایبەتی ، هەرچەندە قەت ناگەمە هەوڵ و تەقەڵادانەکەی خوشکە ساکنە سلیمان ی هەولێری ، بەڵام دەستی پارسەنگم لەوتێکۆشانەدا هەیە ، لەوکاتەی کە هەولێر ئەوڕۆشی لە گەڵدابێ بە ژیانێکی کۆمەڵایەتی سنووردار و پارێزراو ناسراووە، بەتایبەتی سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵاتیی ئافرەتاندا ، بەڵێ سەرەڕای ئەو دەستوورو نەریتە کۆمەڵایەتییە سەختە ، دیارە دایک و خوشکانمان لەم ڕووەو هەنگاوی خۆیان هەرناوەو بە پێی توانا جێگای شایستەی خۆیانیان لەڕێزی تێکۆشاندا کردۆتەوە نموونەی ئەو تێکۆشەرانەش بەڕێزان:- ساکنە سولەیمان ، نەجیبە و فەریدە یونس ، سەبیحە عومەر ئەمین ، فەتحیە موحەمەد و صالیحە خان ی خێزانی شەهید خەیروڵلا و خوشکانی شاری کۆیەش ، خوشکە خەدیجە مستەفا فریشتە خانی شاعیرو کچە بڵیمەتەکانی خوالێخۆشبوو مەلای گەورەی شاری کۆیە و گەلێکی تر ...

هەرلەمندالی دا دەستم کردوەتە نووسین و خوێندنەوەی هەمەجۆر ، پەخشان و شیعرم نووسیوە ، لەڕۆژنامەی ئازادی ، خەبات ، برایەتی و گۆڤاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە ،دوای خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی ، ئامۆژگای مامۆستایانم لەبەغدا تەواو کرد ، لەساڵی 1970 بوومە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و لەزۆر بەی کۆنگرەو کۆنفرانس و میهرەجان و سیمنارەکانی مەڵبەندی گشتی و لقی هەولێر دا بەشداریم کردووە و یەکێک بووم لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕەوشنبیری ،چەندین بابەتی دیکۆمێنتی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیم پێشکەش بە خوێنەرانی

گۆڤارەکە کردووە ،هەروەها وەک مامۆستاو بەڕێوەبەر هەولی زۆرم داوە بۆ پێگەیاندن و تێگەیاندنی نەوەی نوێی کورد ،ئەرکی پەروەردەو فێرکردنی قوتابیانم بەباشترین شێوە جێبەجێ کردووە بەدڵسۆزی دەوری خۆم لەسەر شانۆی ژیان و شارستانیەت و پەروەردەی نەوەی نوێی بینیوە .
لە ساڵی 1974 بووم بە ئەندام لە فراکسیونی شیوعیەکان لەئەنجوومەنی یاسادانان تاساڵی 1979 ، لەگەرمەی شاڵاوی دڕندانەی بەعس دژی حزبی شیوعی ، بەیاوەری و یارمەتی هاوڕێیانم فاتح ڕەسوول و قادر ڕەشید گەیشتمە بەغدا ، ئیتر توانیم لەوێوە بگەمە ئەلەمانیای دیموکراتی ....هەر لە دوای ڕۆیشتنم بەعسیەکان بە مەرسوم جەمهوری خانوەکەمیان حیجز کردوو و پیرە دایک و خوشکێکیشمیان گرت و دواتر دوورخرانەوە بۆ پارێزگاکانی باشووری عیراق .

((بەرهەمەچاپکراوەکانی خاتوو سامیەی شاعیر ))

ئەو نووسەرو شاعیرە خامەڕەنگینە گەڵێک بەرهەمی بەپێزی نووسیوە ، لەوانە دوو بەرهەمی شیعری بەچاپ گەیاندووە وەک ئەمانەی خوارەوە :-

1 – بیری چەسپاو لەساڵی 1973 دا لەچاپخانەی کوردستان لەشاری هەولێری خۆشەویست چاکراوە .

2 –بەهرەی دوور لەساڵی 1986 دا لەچاپخانەی ئازاد لەسوێد بەهیمەتی د .جمشید حەیدەری چاپکراوە .

3–ئەلف وبێی کوردی لەشاری لایبزگ چاپکراوە .

4 – بیبلۆگرافیای ئافرەتی جیهانی سێهەم لە شاری لایبزگی وڵاتی ئەلەمانیا چاپکراوە ، هەروەها چەندین وتارو بابەتی مێژوویی بەنرخی پێشکەش بە خوێنەرانی گۆڤارو ڕۆژنامەکوردی و بیانیەکان کردووە و ئەوەی شیاوی گوتنە ئەو زاتە جگە لە زمانی شیرینی کوردی کەزمانی زگماکی خۆیەتی زمانەکانی عەرەبی و تورکی ئینگلیزی و ئەلمانی بەچاکی دەزانی ، ئێستاش خەریکی تۆمارکردن ونووسینەوەی یاداشت و بیرەوەریەکانییەتی لەسەر خواست و داوای دۆست وئاشنایانی کە بەهەقیقەت سوودو چێژێکی فرە زۆری دەبێ بۆسەرجەم خوێنەری کورد وبەتایبەتیش ئافرەتان ، شیاوی گوتنە ئەم شاعیرە خامەڕەنگین و ماندوونەناسە خوێندنی زانکۆی بەپلەی زۆر باش لەئەلمانیا تەواو کردوە و بۆیە ماوەی پێ دراوە کە بکەوێتە ڕێزی پشکنینی پسپۆری بالا لە باری کۆمەڵ ناسی دا ، ئەوەبوو لە ساڵی 1986 – 1987 بەپلەی ئەکادیمیی دکتور لە زانکۆی لایبزیگ لە ئەلمانیا بەپسپۆری کۆمەڵ ناسی دامەزراوەو لە ساڵی 1992 توانی لە هەمان زانکۆ بەشی زمانی شیرینی کوردی بۆ خوێندکارانی ئەڵمان لەسەر ئەرکی خۆی بکاتەوەو پەیوەندی باش لەگەڵ خوێندکارانی ئەلمان پەیدابکات و ئەوە ئەوان پەیتا

پەیتا ماجستیرو دکتورا لەبواری کوردو کوردایەتی وەردەگرن، لێرەدا وەک نموونەیەک حەزدەکەم ئەوەبڵێم کە یەک لەو خوێندکارانەی زانکۆ ماجستیری لە سەر ژیان و تێکۆشان وخەباتی ئەم شاعیرە بلیمەتە وەرگرتووە،لە 7 / 2002 /11خوێنکارێکی ئافرەت لە هەمان زانکۆ توانی پلەی ئەکادیمی دکتور بەدەست بهێنێت کە پشکنینەکەی دەربارەی بابەتێکی کوردستان بوو ، هەتا ئەوکاتەش ئەوە پەیتا پەیتا ماجستیرو دکتورا لەبواری جۆراوجۆری کوردو کوردایەتی بەسەرکەووتوانە وەردەگرن و خوێندن و پەروەردەو فێرکردنیشی تیا بەردەوامە .

شیاوی گوتنە ئەو زاتە ماندوونەناسە چەندین بابەتی گرنگی دەربارەی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی کورد و ڕۆڵی ئافرەتانی شاری هەولێر نووسیوە وکێشەجۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستانی خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە ، زۆر کێشەو بابەتی بڵاوکردۆتەوە تائەمرۆش گرنگیان لەدەست نەداوە ، ئەم زاتە زۆر بوێرانە کێشەی یەکسانی و مافی ژنان و ریسواکردنی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی خستۆتەڕوو ، دەتوانین بڵێین کە بابەتەکانی خاتوو سامییەی شاعیرو نووسەر ، ئاوێنەی هۆشیاری و لێهاتووی و هەستی ناسک و بەرپرسی مێژوویی ئەم زاتەمان بۆ دەسەلمێنی .

خاتوو سامیەی بڵیمەت لە دووا ووشەی کۆمەڵە شیعری (بەهرەی دوور )نووسیویەتی و دەڵێ : – کە خامەم گرتە دەست بۆ نووسینەوەی دوا وشە بۆ دووەم بەرهەمی شیعرم ،وەک بڵی ی تەزووێک بەلەشما هات ، کەناوی شیعر لەو نووسینەی خۆم بنێم چونکە ناوی چەندەها شۆرە سواری شیعرو ئەدەبی کوردیم هاتە یاد وەک خانی ،مەلای جەزیری ،خانای قوبادی ، نالی، کوردی ، حاجی ، گۆران و بێکەس و دلدارو پیرەمێردو ماه شەرەف خانمی کوردستان ...... هتد ، لە خۆم تەریق بوومەوە.....

بەڵام پێم لەسەر ئەوە داگرت پێویستە ئاڵای ماه شەرەف و نەوجەوانی کچی کەریم خانی دونبەلی و میهرەبان خاتونی کچی مەلا حوسەینی برواری کە پێشرەوی شیعرو ئەدەبی ئافرەتی کورد بوینە بەردەوامی پێ بکەم لەتەک خوشکە شاعیرەکانم وبە پێ ی توانا بەردی خۆم بخەمە هەگبەی ئەدەبی کوردی .

لە (بەهرەی دوور ) دا هەست و نەستی ئاوارەیم لە وشەی پیرۆز و شیرینی کوردی هەڵ ڕێژم .

لەوانەیە خوێنەری ئازیز کەم و کورتی زۆر بدۆزێتەوە لەم بەرهەمە ،من بەش بە حاڵی خۆم پاکانە بۆ خۆم ناکەم ، بەڵام داوایان لێ دەکەم لەمەبەستەکانی شیعرەکانم بگەن ، چونکە ئەو حەوت ساڵەی ئاوارەییم هیچ دەرفەتیکی بۆ نەلواندم پتر خەریکی ئەدەب و شیعر بم ، چونکە ئەرکەکی گرانی ترم لەسەر شان بوە ، ئەویش لێکۆڵینەوە لە باری ژیان و ڕۆڵی ئافرەتی کورد لەکۆمەڵ دا .

ئەم چەند دێرانە دەکەمە دیاریەکی بچووکی دڵدانەوەی سەرەخۆشی دایک و خوشکانم لەکوردستان ، ئەوانەی وشەی خۆشەویستی و ئاشتی و ئازادیان لەقوڕگ خنکاوە لە وڵاتە پڕ ئازارەکەمدا .

پێشکێشی ئەو دڵێرانە دەکەم کە بەژیانی خۆیان بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن لە وڵاتەکەم ...........

خاتوو سامیە ی بلیمەت هەر لە قولەپێیەوە بیگری تا دەگاتە تەوقی سەری بەپاکی ناسراوە وهەرهەنگاوێکی هاویشتوە بیری لەخزمەتکردنی کۆمەڵ کردۆتەوە،

خاتوو سامییە نموونەی بێ فیزی و ئارامی و دڵسۆزی و شکۆدارییە ، زۆر ڕاستگۆیانە باسی ژیانی خۆی بۆ کردم ، بێ ئەوەی کەم و زیادێکی بخاتە سەر قسەکانی ، تەنانەت بۆ جارێکیش بێزاری و دڵتەنگیم لە ڕوخساریا بەدی نەکرد ،بەم جۆرە سامیەی بلیمەت بەدڵسۆزی دەوری خۆی لەسەر شانۆی ژیان و شارستانیەتی نەتەوەکەی خۆی بینیوە ، ئەو دەورەی کە ئازایەتی و شەرەفمەندی و خێرخوایی و مرۆڤایەتی ئەو ئافرەتە بلیمەتە دەگەیەنێ .

مەشخەڵ لەهەر بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی کورددا شیعری داناوە لەکۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریدا پێشکەشی کردووە ، لەو بۆنە پیرۆزانەی کە شیعری لەسەر داناون ، 8 ئادار ، نەورۆز ، بۆ ڤالنتینا ترشکۆڤە ، یادی ئازادی کەدواتر کراوەتە سروود ، یادی شەهیدان ، خۆماڵی نەوت و چەندانی تر ، لەهۆنراوەیەکی دا کە بەناوی( بیری چەسپاو )ی داناوە و لەژمارەی( 2 ) گۆڤاری( چیا )دا بڵاوکراوەتەوە لەسەرەتاکەیدا دەڵێ :–

ڕاستە هاوڕێ من کچێکم
خاوەن بیرو باوەڕێکم
لەت لەتم کەن گەر بمکوژن
قەت ناگۆڕێم و هەر یەکم

گەر بمخەنە ژووری زیندان
هەرچەندە، ئازاریشم بدەن
هەرگیز ناوەستم نابەزم
چونکە دڵسۆزم بۆ وەتەن

من هاوار ئەکەم لە مەیدان
ئازادی بۆ گشت میللەتان
لەبن دێت هەر بەتێکۆشان
ڕەگ و ڕیشەی گشت خوێنمژان

خوشکان و برایان لەگەڵ من
بوەستین بەرامبەر دوژمن
وەک قەڵاتی پۆڵاو ئاسن
زۆردار دەربێنین لەبن
چونکە دیمان کە تێکۆشان
چەند کۆشکی فاشستی ڕمان
گەڵ و سوپای قارەمان
تەختی شیان هەژان
جالەگەڵ من دا دەست بەدەست
بۆ ژینێکی شادو سەربەست

بەباورێکی پڕ لە هەست

مەشخەڵ بۆ پیرۆزبایی کردن لە ڕۆژنامەی بیری نوێ بەبۆنەی دەرچونی یەکەم ژمارەی لەساڵی 1972 لەهۆنراوەیەکی دا کە بەناوی ( بیر ئەڕوینم )ی داناوەو لەسەرەتاکەیدا دەڵێ :

لەدەریای بیری بێ بن دا
لەخاکی ڕەشی کرمن دا
بەرامبەری ئاغای وورگن
ڕوو ترش دەم و چاوی تخن
ئەرز ئەکێلم
دار ئەڕوێنم
لەبەر چەمی ئاوی چڵکن

***

لە گەرمیان و بیابان
لەقەد شاخ و نشێوەکان
کەژو لوتکە دوارەکان
لەبەرزان تا نوگرەی سەلمان
لەدێهاتی کوت و حیللە
لەبەعشیقا ، لەبەرتللە
لەژێر پێچکەی زیل و تانکدا
لەتاریکی شەوەزەنگ دا
تیشکێ بۆ شەو
ئەچەسپێنم
هیوا ..... ئومێدی ...... دادەنێم

مەشخەڵ لەهۆنراوەیەکی تریدا کە بەناوی( ئاشتی) ی داناوەو لەکاتی خۆی لەئێستگەی رادیوی کوردی بە سروود بڵاو کراوەتەوەو بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی خوازان لەسەرەتاکەیدا دەڵێ :-

ئاشتی خوازین ئێمە هەرگیز نابەزین
شەڕمان ناوێ دوژمن ئەخەینە بەزین

ئاشتی خوازین

من ئاشتی خوازم هیوام ئاشتی یە
خۆشی و ئازادی و ماف پەرستی یە
نەک کۆشک و تەلار نەپارەو دۆلار

نەپەروەردە بم		بەخوێنی هەژار
م من ئاشتی خوازم		دڵ پڕ نیازم
بەکۆتری سپی		ئاشتی ئەنازم
نامەوێ بمرم		بەتۆپ و بۆمبا
لافاوی خوێنی		شەڕی ڕەش بمبا
ئەمەوێ زەوی		وولات ڕەنگین بێ
ڕەنجبەرو جوتیار		ژینیان شیرین بێ
نەک چەکی ئەتۆم		زەوی بکێلێ
ڕەگی دەغڵ و دان		لەبن دەربێنێ

مە شخەڵ بەبۆنەی بەشدار بوونی تێکۆشەر ڤالنتینا ترشکۆڤە لە گەشتی ئاسمانی و زانستی گەردووندا ،لەهۆنراوەیەکی دا کە بەناوی( ڤالیە) ی داناوەو لەسەرەتاکەیدا دەڵێ :—

خوشکی بەرێزو لاوم
گوڵ و خونچەی پژاوم
ڕابەری ترشکۆڤە
ئەشێلێ تەلەو داوم

لەکۆتایی باسەکە هیوا خوازم توانیبێتم تیشکێک بخەمە سەر لایەنێک لە مێژوویی خەبات و قوربانی دانی ئەم شاعیرە خامەرەنگینە و هیوادارم لە ڕێگەی ئەم چەند نموونەی شیعرانەیەوە مەشخەڵتان ناسیبێ و لەناخی دڵ دەرونیشی گەیشتبن ،منیش هەر ئەوەندەم پێ دەکرێت بڵێم (( تەمەن درێژ بێت و هەرسەرکەوتوو بێت ئەم شاعیرە خامەڕەنگینە )) .

کۆبنهاگن
2006-05-12